# پێشانگایەکی نێودەوڵەتی بازرگانی لەهەولێر دەکرێتەوە

**تایبەت بە دەنگەکان:**

**سالار بابەشێخ**

**لە هۆتێلی "شیراتۆن"ی شاری هەولێر کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی هاوبەش بۆ راوێژکاری ئابووری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەیوەندییەکان "رابطة لاعمال" سازدەکرێت.**

کاتژمێر (10/20) رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی (1/11) لە هۆلی کۆنگرەی **هۆتێل شیراتۆن، کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسی هاوبەش بۆ "عەبدوڵلاّ ئەحمەد عەبدولکەریم" راوێژکاری ئابووری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی و سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، و بۆ "عماد الدین قرید" سەرۆکی کۆمپانیای**

(BL) "رابطة الاعمال" **سازکرا و لە پەراوێزی چۆنیەتی و چەندایەتی پێشانگەی نێودەوڵەتی بازرگانی کە لە رۆژانی** (21- 2007/1/25) **لە هەولێر دەکرێتەوە و بۆماوەی** (5) **رۆژ بەردەوام دەبێت، هاتنە ئاخافتن.**

**لەسەرباسی قسەکانیدا "عەبدوڵلاّ ئەحمەد" سەرپەرشتیاری پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی** (150) **کۆمپانیا سەربە** (10) **وڵاتی عەرەبی و جیهانی لەم پێشانگایەدا بەشداردەبن، ئەوەشی خستە روو کە بەهەماهەنگی لەتەك کۆمپانیای** (BL) "رابطة الاعمال" **بەمکارە هەستاون.**

**شایانی باسە "عەزیز ئیبراهیم عەدۆ" و "دانا جەلیل خەیات" لەئامادەبووانی کۆنگرەی رۆژنامەنووسییەکە بوون و هەرکام بەجیا راوسەرنجی خۆیان بۆ دامودەزگاکانی راگەیاندن لە بارەی پێشانگاکەوە باسکرد.**